PAY FOUNDATION
For Education & Development

NED | NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD



پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

راپۆرتی یەکەم

دەنگدانی تایبەت لە رۆژی ٢٠٢٤/١٠/١٨

NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

PAY FOUNDATION
For Education & Development

پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی یەکەم

**دەنگدانی تایبەت لە رۆژی ٢٠٢٤/١٠/١٨**

**٢٠٢٤**

## ستاف کار

سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ڕێکخەرانی پرۆژە:

**بێستون ئەحمەد حەسەن**

بەرپرسی بەشی کوردی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حەسەن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولمەجید**

ڕاوێژکاری یاسایی:

**فریاد مەعروف محەمەد**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**

**★- دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY):**

**-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.**

**-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.**

**- لە (٢٠٢٤/٣/٥) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراقی فیدراڵ و لە (٢٠٢٤/٥/١٢) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان).**

**★- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی دەستی پێ کردووە،**


**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

هەولێر-سێتاقان- شەقامی کۆیە- تەنیشت نەخۆشخانەی دایك

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیل: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payinstitute.org


**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢٤**

# ناوەرۆك


پێشەكی ........ ٤

ئاماری دەنگدەران تایبەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستان ........ ٥

یەكەم: لایەنە ئەرێنییەكانی پرۆسەكە ........ ٧

دووەم: لایەنە نەرێنییەكانی پرۆسەكە ........ ٨

یەك: پێشێلكاری قەوارەكان ........ ٨

دوو: پێشێلكاری هێزە ئەمنیەكان ........ ٩

سێ: كەموكوڕییەكانی كۆمسیۆن ........ ١٠

# پێشەکی

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بڕیار بوو دوو ساڵ لەمەوبەر ئەنجام بدرێت، ئەوەبوو دواخرا بۆ ٢٠ ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، سەرباری کێشمەکێشی لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکە لەکاتی دیاریکراو و گرفتەکانی تۆماری دەنگدەران یاسای هەلبژاردن و کورسی کۆتاکان و گرفتی کۆمسیۆنی سەربەخۆ و راپرسی هەرێم، لەدواجاردا بەهۆی بڕیارەکەی دادگای باڵای ئیتیحادیەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەناو ئەو هەموو ململانێ و کێشمەکێشەدا چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

رۆژی ٢٠٢٤/١٠/١٨ دەنگدانی تایبەت ئەنجامدرا، لەم راپۆرتە کورتەدا سەرنج و تێبینی خۆمان دەخەینە روو، بۆ ئەوەی بتوانرێت سود لە خاڵە گەشەکان ببینرێت و زیاتر پەرەیان پێ بدرێت، هەموو توانایەکیش بخرێتە گەڕ کەموکوڕییەکان پڕ بکرێنەوەو ئامادەکاری باشتر بکرێت بۆ رۆژی دەنگدانی گشتی لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠ و رێگری لەو پێشێلکارییانەش بکرێت کە لەرۆژی دەنگدانی تایبەتدا کراون بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە، کە لە لایەن تیمەکانی دامەزراوەی پەی تۆمار کراون کە چاودێری بنکەکانی دەنگدانی کردووە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

بەو هیوایەی رۆژی ٢٠٢٤/١٠/٢٠ لەکەشێکی دیموکراسیدا هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووی دوور لە ساختەکاری ئەنجام بدرێت و ببێتە مایەی ئەوەی نەخشەی سیاسی هەرێم گۆڕانکاری بەسەردابێت بەو ئاقارەی کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دروست بکرێتەوە و دواتر هەنگاوی جدی بنرێت بۆ ئەوەی حکومەتێکی تازەی کارا بێنەکایەوەو خەم و مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان برەوێتەوەو رزگاریان بێت لەو هەموو قەیرانەی تێی کەوتووین و قەوارەی هەرێمیش پارێزراو بێت.

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

**٢٠٢٤/١٠/١٨**

## ئاماری دەنگدەران تایبەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق (7067) وێستگەی دەنگدان لە چوارچێوەی (1431) بنکە هەیە و (282) ناوەندی تۆمار پێشوازییان لە دەنگدەرانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

بە جۆرێك کە (2.899.578) کەس لەسەر ئاستی گشتی پارێزگانی هەرێمی کوردستان کارتی نوێی دەنگدانیان وەرگرتۆتەوە، لەو ژمارەیەش (2.683.618) کەس بە رێژەی (٩٣٪) لە دەنگدانی گشتی کە بەسەر (173) ناوەندی تۆمار کە دابەش بووە (1266) بنکەی هەڵبژاردن و (6318) وێستەگە لە خۆ دەگرێت. لە لایەکی ترەوە (215.960) کەسیش بە رێژەی (7%) لە دەنگدانی تایبەت لە (109) ناوندی تۆمار کە دابەش بووە بەسەر (165) بنکەی هەڵبژاردن و (749) وێستەگە لەخۆدەگرێت مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنکەدا هەیە. ئەگەر ئەوە وردبکرێتەوە بۆ سەر ئاستی پارێزگاکان ئەوا:

**یەکەم**: پارێزگای هەولێر (1.022.906) کەس بە رێژەی (35.3%) کۆی دەنگدەران مافی بەشدارییان هەیە، بە جۆرێك (933.115) کەسیان بە رێژەی (91%) لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتی لە (53) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (498) بنکەی دەنگدان کە (2.213) وێستگە لەخۆ دەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە. هاوکات (89.791) کەسیش بە رێژەی (9%) لە چوارچێوەی دەنگدانی تایبەت لە (34) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (62) بنکەی دەنگدان کە (306) وێستگە لەخۆدەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە.

**دووەم**: پارێزگای سلێمانی (1.087.073) کەس بە رێژەی (37.5%) کۆی دەنگدەران مافی بەشدارییان هەیە، بە جۆرێك (1.008.412) کەسیان بە رێژەی (93%) لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتی لە (74) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (477) بنکەی دەنگدان کە (2.373) وێستگە لەخۆدەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە. هاوکات (78.661) کەسیش بە رێژەی (7%) لە چوارچێوەی دەنگدانی تایبەت لە (32) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (57) بنکەی دەنگدان کە (276) وێستگە لەخۆ دەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە.

**سێیەم**: پارێزگای دهۆك (723.747) کەس بە رێژەی (25%) کۆی دەنگدەران مافی بەشدارییان هەیە، بە جۆرێك (682.791) کەسیان بە رێژەی (94%) لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتی لە (41) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (264) بنکەی دەنگدان کە (هەزار و ٥٩٦) وێستگە لەخۆ دەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە. هاوکات (40.956) کەسیش بە رێژەی (6%) لە چوارچێوەی دەنگدانی تایبەت لە (30) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (33) بنکەی دەنگدان کە (142) وێستگە لەخۆدەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە.

**چوارەم**: پارێزگای هەڵەبجە (60.252) کەس بە رێژەی (2.1%) کۆی دەنگدەران مافی بەشدارییان هەیە، بە جۆرێك (59.300) کەسیان بە رێژەی (98%) لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتی لە (5) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (27) بنکەی دەنگدان کە (136) وێستگە لەخۆدەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە. هاوکات (952) کەسیش بە رێژەی (2%) لە چوارچێوەی دەنگدانی تایبەت لە (1) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (1) بنکەی دەنگدان کە (3) وێستگە لەخۆ دەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە.

**پێنجەم**: پارێزگاکانی (نەینەوا، کەرکوک، دیالە، ئەنبار، بەغدا (کەرخ و رەسافە)، واست، سەڵاحەدین)، (5.600) کەس بە ڕێژەی (0.2%)ی کۆی دەنگدەران، مافی بەشدارییان هەیە لە چوارچێوەی دەنگدانی تایبەت لە (12) ناوەندی تۆماری دابەشبوو بەسەر (12) بنکەی دەنگدان کە (22) وێستگە لەخۆدەگرێت مافی دەنگدانیان هەیە.

بەپێی داتاکانی کۆمسیۆن، ژمارەی دەنگدەرانی تایبەت لە پارێزگاکاندا بەم شێوەیە دابەش بوون:

| هێمای پارێزگا | پارێزگا | ناوەندی تۆمار | ناوەندی دەنگدان | وێستگەی دەنگدان | ژمارەی دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | هەولێر | 34 | 62 | 206 | 89.791 |
| ٦ | سلێمانی | 32 | 57 | 276 | 78.661 |
| ٤ | دهۆک | 30 | 33 | 142 | 40.956 |
| ٧ | هەڵەبجە | 1 | 1 | 3 | 952 |
| – | پارێزگاکانی تری عیراق | 12 | 12 | 22 | 5.600 |
| **کۆی گشتی** | | 109 | 165 | 749 | 215.960 |

بەڵام لە کاتی هەڵبژاردندا کە رۆژی ٢٠٢٤/١٠/١٨ ئەنجامدرا ڕێژەی بەشدار بوون بەم شێوەیە بوو:

| ژ | پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداربوان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 89.791 | 87.513 | 97% |
| ٢ | سلێمانی | 78.661 | 76.501 | 97% |
| ٣ | دهۆک | 40.956 | 40.206 | 98% |
| ٤ | هەڵەبجە | 952 | 917 | 96% |
| | پارێزگاکانی تری عیراق | 5.600 | 3.384 | 60.42% |
| **کۆی گشتی** | | 215.960 | 208.521 | 96.55% |

ئەم پرۆسەی دەنگدانە کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە ئەنجامدەدرێت، چەند خاڵێکی سەرکەوتووی تیایە، لەهەمان کاتدا لە کەموکوریش بێبەش نەبوو، لەم راپۆرتەدا هەوڵ دەدەین وێرای دەستخۆشی بۆ خاڵە باشەکان، خاڵە لاوازەکان و کەم و کورییەکان و پێشێلکارییەکان بخەینە بەرچاو، بەو مەبەستەی لە دەنگدانی گشتیدا لەبەرچاو بگیرێن، تا کەموکورییەکان راست بکرێنەوەو پێشێلکارییەکان رێگەیان لێبگیرێت. چونکە ئەگەر نەتوانێت پێشێلکارییەکان بنبڕ بکات و کۆنترۆڵیان نەکات، لە دەنگدانی گشتیی دۆخەکەی لەدەست دەردەچێت.

## یەکەم:

## لایەنە ئەرێنییەکانی پرۆسەکە:

١- بنکەکانی دەنگدان لە کاتی خۆیدا (کاتژمێر ٧ی بەیانی) بە رووی دەنگدەراندا کرانەوە.

٢- تا ئاستێکی باش بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەکە بە ئارامی بەڕێوەدەچوو.

٣- بەشێوەیەکی گشتی ئاسایشی بنکەکان باش دابینکرابوون.

٤- بەشێوەیەکی گشتی رێکاری کۆمسیۆن جێبەجێ دەکرا کە دەبوایە دەنگدەر بۆ دەنگدان بەڵگەنامەی پێویستی پێ بێت، بەپێچەوانەوە رێگەی پێنەدەدرا دەنگبدات.

٥- کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لە کاتی خۆیدا بنکەکانی دەنگدان داخران.

٦- رێژەی دەنگ دان بەشێوەی گشتی بەرز بوو.

٧-لەنێو وێستگەو بنکەکانی دەنگداندا ساختەکاری بەدی نەدەکرا، بەڵام بۆ قۆناغی دواتر ناتوانین هیچ رایەك بدەین، چونکە پرۆسەکە هێشتا بەردەوامە و سەبارەت بە گواستنەوەی سندوقەکان و ناردنی ئەنجامەکان بۆ کۆمسیۆن و شێوازی راگەیاندنی ئەنجامەکان، لەکاتی خۆیدا تێبینی و سەرنجەکانمان رادەگەیەنین.

## دووەم:

# لایەنە نەرێنییەکانی پرۆسەکە

### یەك: پێشێلکاری قەوارەکان:

١- هەندێك لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزبەکان تا ئێوارەی رۆژی ١٠/١٨ لە بانگەشەی هەڵبژاردن بەردەوام بوون. لەوانە (NRT) راگەیەنرای جولانەوەی نەوەی نوێی بلاو کردەوەو بە راشکاوی داوای دەکرد کە هێزە ئەمنیەکان دەنگی پێ بدەن، بەرەی گەل لە ریکلامەکانیدا رایدەگەیاند کە" برایانی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ بەرەی گەلن"، کەناڵی (GK) و (Kurdsat)پەیامی سەرۆکی حزبەکەی بلاو کردەوە بەمەبەستی دەنگ پێدانی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە، لەکاتێکدا بانگەشە بەپێی یاسا وەستا بوو، کەناڵەکانی پارتیش بەهەمان شێوە هەمان پێشێلکاریان هەبوو.

٢- لەنزیك هەندێك لە بنکەکاندا ریکلامی قەوارەکان هەبوون و لە هەندێکیشیاندا کارتی بانگەشەی کاندیدان دابەش دەکرا.

٣- هەندێك کاندید لەنزیك بنکەکانی دەنگدان و لەناو دەنگدەراندا بەردەوامبوون لەسەر بانگەشە. کاندیدێك لە سلێمانی لەبەردەم سەرجەم بنکەکاندا خۆی و تیمەکەی بنکەی بانگەشەیان دانابوو و تەنانەت بەناوی جێگری سەرۆکی حکومەتەوە قسەیان دەکرد.

٤- لە نزیك هەندێك بنکەدا لەلایەن هەندێك بەرپرس و نوێنەری قەوارەکانەوە ناوی ئەو کەسانە دەنوسرا کە دەنگیان دەدا.

٥- لە بەر دەرگای بنکەکان لەلایەن ئەفسەرێکەوە سەرجەم ئەو پسولانەی لەبەرامبەر گێرانەوەی کارتی بایۆمەتری کە بە دەنگدەران درابوو کۆدەکرانەوەو لە دەنگدەرەکان دەسەنرا.

٦- هەندێك لە دەنگدەرە تایبەتەکان فشاریان خراوەتە سەر دوور لە خواستی خۆیان دەنگ بە کاندیدی کۆتاکان بدەن. کە لە بەشێك لە بنکەکاندا (یەکێتی و پارتی) بە ئاشکرا داوایان لە دەنگدەران دەکرد دەنگ بۆ کورسی کۆتای مەسیحی و تورکمان بدەن. هەروەك ئەوەی هاوڵاتیانی دەنگدەر ئازادن لەوەی دەنگ بە کاندیدانی کورسی گشتی بدەن یا کۆتا و رێگریکردن لێیان نایاساییە، چونکە لە دواجاردا ئەوەی دەنگی پێویست بهێنێ دەبێت بە نوێنەری سەرجەم خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتدا فشار خستنە سەریشیان بۆ دەنگدان بە نوێنەرێکی دیاریکراو نایاساییە چونکە مافی دەنگدان لە دەنگدەر دەسەنرێتەوە، وەك ئەوەی لایەنە سیاسیەکان لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دەنگدەرانی تایبەتیان ناچار کردووە دەنگ بە کاندیدانی کورسیی کۆتای کریستیان و تورکمان بدەن.

٧- هەندێك لە کاندیدان (بەتایبەت لە دەسەلات) رێگەیان پێدراوە بچنە ناو بنکەکانەوە بۆ مەبەستی بانگەشە.

٨- رێژەی ئەو دەنگانەی لەلایەن لیست و قەوارەکانەوە بەدەستهاتوون و رادەگەیەنرێن هیچیان فەرمی و دروست نین و یاسایی نین و دانیان پیادا نانرێت و کاریگەری نەرێنیشیان دەبێت لە سەر بەرێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانی گشتی.

**دوو: پێشێلکاری هێزە ئەمنیەکان:**

١- هەندێك بەرپرسی پێشمەرگە و ئەفسەر و پلەداران لەبنکەکاندا بوون و بەجۆرێکی ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دەنگدەران هەبوو کە دەنگ بە چ قەوارەیەك بدەن.

٢- لە هەموو بنکەکاندا نوێنەری ئاسایش بوونی هەبوو و دەستی دەخستە کاروباری کۆمسیۆن و لە هەر لایەو کاری بۆ حزبی خۆی دەکرد.

٣- لە گەلێك بنکەی دەنگداندا رێگری لەکەناڵەکانی راگەیاندن دەکرا و وەك پێویست رێگەیان پێنەدەدرا کە رووماڵی پرۆسەکە بکەن. بۆ نمونە پەیامنێرانی (G.kurdistan) لە باعەدرێ. (K24) لە کۆیە،

٤- بەشێك لە پەیامنێران و کارمەندانی دەزگاکانی راگەیاندن رووبەرووی رێگری و پەلاماردان بوونەوە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە، وەك هەریەك لە ( Speda, Payam, Chanal8, Ava News, Kurdstan NRT , KNN Tv, 964، G.Kurdistan، Kurdistan 24).

٥- لە هەندێك لە بنکەکاندا کەشێکی عەسکەرتاریەت زاڵ بوو و چاودێرانی لایەنە سیاسییەکانیان بە زۆر لە هۆڵەکان دەکردە دەرەوە، بۆ نمونە وەك هەڵەبجە.

٦- لە نزیك هەندێك لە بنکەکاندا خەیمەیەك هەڵدراوە و دەنگدەران دەبێت پێش ئەوەی دەنگبدەن بە خێمەکەدا تێبپەڕن، کە ئەمەش لە چوارچێوەی پێشلکارییەکاندا ئەژمار دەکرێت.

٧- بوونی هێزی ئەمنی وسەربازی لە ناو بنکەکانی دەنگدان فشارێکی ناراستەوخۆ بوو لەسەر دەنگدەران کە بارێکی دەروونی خراپیان لەسەر دەنگدەران دروست کردبوو، چونکەی بەرێوەبردنی پرۆسەکە لەژێر کۆنترۆلی هێزیە ئەمنییەکاندا بووە.

٨- هێزە ئەمنییەکان بریار بەدەست بوون لە ناو بنکەی دەنگدان، بۆ نمونە ئەوان پرسیارییان دەکرد و رێگایان بە دەنگدەران و چاودیرەکان نیشاندەدا و رێگەیان پێدەدان یان نا.

### سێ: کەموکورپییەکانی کۆمسیۆن:

١- کۆمسیۆن ئەدای کارکردنی لاواز بوو، بنکەکان لە دەرگەی دەرەوە تا دەرگەی وێستگەکان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بەڕێوە دەبران، کارمەندانی کۆمسیۆن تەنها لەناو وێستگەکاندا کاریان دەرکرد.

٢- لە زۆربەی وێستگەکاندا رێگری لەو دەنگدەرانە نەدەکرا کە مۆبایلیان بەمەبەستی وێنەگرتن لەکاتی دەنگداندا بەکار دەهێنا.

٣- ئەژمارکردن و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی دەنگدانی دەنگدانی تایبەت کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی دەنگدانی گشتیدا هەیە.

٤- لە هەندێك لە بنکەکاندا کێشەی پەنجەمۆر هەبوو لە ئامێرەکاندا، بۆ نمونە وەك: بنکەی سامانی شاری هەولێر، کە یەکێك لە سەرپەرشتیارانی بنکەکە وتی: "ماوەکەی زۆری خایاند و بەمەش پرۆسەی دەنگدان دواکەوت".

٥- لە هەندێك بنکە پەشێوی و ئاڵۆزی دروست بوو و بۆ ماوەیەك دەنگدان راگیرا، وەك: بنکەی دەنگدانی گولان لە ئاکرێ، بنکەی دەنگدانی هەڵەبجە، بنکەی نێرگز لە شەقلاوە.

٦- هەندیك جار زانیارییان دەشاردەوە سەبارەت بە بوونی پیشیلکاری بۆ چاودیران لەکاتی پرسیار کردن.

PAY FOUNDATION
For Education & Development

## دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

دامەزراوە پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان لە(٢٦ی تشرینی دووەمی٢٠١٣) لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا تۆمارکراوە، ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، کەسایەتییەکی یاسایی سەربەخۆی هەیە، لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆیە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەواییەکی پێگەیشتوو لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. مەبەستیەتی، لەڕێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی دامەزراوەی پەی

١. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

٢. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.

٣. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.

٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٦. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان.

٧. پرۆژەی چاودێریی جێبەجێکردردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی باجی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (١١٤)